# شێوازی شیعریی (عاصی) لە ئاستی دەنگیدا

**رۆکان گوریل شابیا [۱]، محەمەد مەغدید عەبدوڵا [۲]**

[۱،۲] بەشی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی "شێوازی شیعری (عاصی) لە ئاستی دەنگیدا"، شرۆڤەیەکی شێوازناسییانەی تایبەتمەندییە دەنگییەکانی شیعری شاعیری کورد (عاسی) دەکات. لە ڕێگەی شیکردنەوەی نموونە شیعرییەکانەوە، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر چۆنییەتیی سوودوەرگرتنی شاعیر لە کێشی شیعری، سەروا و هونەرە ڕەوانبێژییەکان بۆ نەخشاندن و پێکهێنانی ئەزموونێکی شیعریی دانسقە .توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە بداتەوە، کە ئایا عاصی تا چەند توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم تەکنیکە دەنگییانەوە، شێوازێکی شیعریی تایبەت بە خۆی داپهێنێت، یان شێوازێکی شیعری تایبەت بە خۆی هەبێت، کە ببێتە مایەی بوونی ناسنامەی شیعریی و لە شاعیرانی دیکەی هاوسەردەمی خۆی جیابکاتەوە، ئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن، کە عاصی شاعیر خاوەنی مۆرکێکی دەنگیی تایبەت و ئاشکرایە، کە لە سێکوچکە پتەوەدا خۆی دەبینێتەوە: یەکەم، زاڵبوونی ڕەهای کێشی هەزەج، کە مۆسیقایەتی و ڕیتمێکی زیندوو و سەرنجڕاکێش بە شیعرەکانی دەبەخشێت؛ دووەم، بەکارهێنانی بەرفراوانی تەکنیکی دووبارەکردنەوە لە ئاستی ستووینیدا، بۆ چڕکردنەوەی مانا و قوڵکردنەوەی کاریگەریی دەروونی، سێیەم، پەنابردنی زیرەکانە بۆ دیاردەی قرتاندنی دەنگ بە مەبەستی پاراستنی وردی و جوانیی کێشی شیعر. ئەم سێ تایبەتمەندییە پێکەوە، شێوازێکی دەنگیی هەرە تایبەتیان بۆ شیعری عاصی دروستکردووە و بوونەتە هێمای ناسینەوەی. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەسەر چەند تەوەرەیەک دابەشکراوە، باسمان لە چەمک و واتای شێواز و ئاستی دەنگ و دەنگ لە مۆسیقای دەرەوەی شیعری شاعیرمان کردووە، لە تەوەرەکانی تریش باسمان دەنگ لە مۆسیقای ناوەوەی شیعری شاعیر و ئەو فۆڕمە شیعرییانەی پەیوەستن بەو ئاستەوە، لە کۆتایی ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** فۆڕمی شیعری، شێواز، کێش، سەروا، دووبارەکردنەوە.

## پێشەکی [1]

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی شێوازی شیعریی (عاصی) لە ئاستی دەنگیدا، بە ئەنجام گەیێنراوە، توێژینەوەیەکی شێوازییە، هەوڵێکە بۆ ناساندن و دەرخستنی هەموو ئەو شێوازە شیعرییانەی کە لە شیعرەکانی شاعیردا لە ئاستی دەنگدا بەکارهێنراون، بۆ ئەم مەبەستە تەواوی دیوانی شیعرییە کوردییەکانی شاعیرمان وەرگرتووە، خستومانەتە بەر تیشکی توێژینەوەکەمان.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردووە، لەپاڵ وەرگرتن و دیاریکردنی نموونەی شیعریی، شاعیر هەندێ سیما و شێوازی تایبەتی شاعیرمان دیاریکردووە و شیکردنەوەمان بۆ ئەنجام داوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

دەگەڕێتەوە بەوەی شێواز بابەتێکی گرنگی بواری ئەدەبیاتە و ئەگەرچی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەم دواییانە چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی لەلایەن لێکۆڵەرەوان ئەنجامدراوە، شێواز بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت و دەچێتە بنج و بنەوانی شیعری شاعیر و لە ڕێگەی ئەوەوە شێوازی شیعری دیاریدەکرێت و گرنگی دەخاتە سەر زۆر لایەنی شیعری، هەروەها توێژینەوەی شێواز لەسەر شیعری شاعیر ئەوەندەی بەدواداچونمان بۆ کردووە نەکراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوە لەسەر ئەم لایەنە بکەین و وەکو پرسیاری توێژینەوەکە لەبارەی ئەوەیە، هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە ئایا عاصی تا چەند توانیویەتی شێوازێکی شیعریی تایبەت بە خۆی داپهێنێت کە ببێتە ناسنامەی شیعریی ئەو؟

[1]. گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ۹، ژمارە ۲ (۲۰۲٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٤ تەمووز ۲۰۲٥؛ پەسەندکردن: ۱۷ ئاب ۲۰۲٥

توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ۲ تەمووز ۲۰۲٦ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: rokan.gawril@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ۲۰۲٦ . شاەگوڵ کامیل محمود، سەلیم ڕەشید صالح، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp60-70

## ١. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢.١ چەمک و واتای شێواز (style):

لەڕووی مێژووییەوە شـێواز مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە سـەرەتاوە بە گەلێک واتاو مەبەست بەکارهاتووە بەوەی ((لای ئەوروپییەکان چەمکی شێواز زیاتر پەیوەندی بە بابەتی زانستی ڕەوانبێژییەوە هەبووە تا هونەری شیعر، هیچ هۆیەکی دیار و تایبەتیش نەبووە بۆ ئەم دانەپاڵ ڕەوانبێژییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە شـێوازیان بە بەشـێک لە هونەری ڕازێکردن زانیوە)). (سعدالدین، ١٩٨٥: ١٩)، دانانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ شـێواز کارێکی ئاسـان نییە، ئەم وشـەیە لە زۆربەی بوارەکانی وەک: مۆسـیقا و گۆرانی و وێنەکێشـان و پەیکەرتاشی و هەروەها بواری سـیاسی و ئابوری و هتد، واتە لە هەمووو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانە و بواری هونەریدا بەکارهاتووە. بەڵام گرنگترین ئەو بوارەی کە وشـەی شـێواز، تێیدا بوو بە زاراوەیەکی تازە، ئەدەب و هونەرەکانی ئەدەب بوو. دەربارەی وشـەی شـێواز لە بواری ئەدەب و بنچینەی وشـەکە چەندین ڕاوبۆچوون هەیە، لێرەدا هەندێک لەو ڕاوبۆچوونانە دەخەینەڕوو: ((وشـەی شـێواز لە زمانی لاتینیدا پێی دەگوترێت (stilus) واتە (هەڵکۆڵەر). لە بواری نووسـینیشـدا بەو مانایە دێت کە ڕێگایەکە بۆ نووسین و نووسەر لە پێناو مەبەستە ئەدەبییەکانیدا بەکاری دەهێنێت)). (عیاشی، ١٩٩٤: ٩). بۆیە (بیر جیرۆ) سـەرەتاکانی شـێواز بۆ پەیدابوونی ڕەگەزەکانی ئەدەب دەگەڕێنێتەوە ((سـەرەتای شـێواز لەگەڵ پەیدابوونی ڕەگەزەکانی ئەدەب بووە)). (سعدالدین، ١٩٨٥، ١١)، واتە کە ڕەگەزە ئەدەبییەکان سـەریانهەڵدا، لەگەڵیاندا شـێوازیش سـەریهەڵدا، کە خۆی لە بە شـێوازبوونی دەقی ئەدەب و بەرهەمی نووسـیندا دەبینێتەوە، ئەو بەرهەمە ئەدەبییەش شـێوازی نووسـەر و شاعیرەکە بەرجەستەدەکات.

### ٢.١ شێواز لە ڕووی وشەییەوە.

لەنێو زمـانی کوردیـدا شـــێواز زاراوەیەکی نوێیە وەرگیراوە لە زاراوەی (style)ی ئەورووپی، لەنێو ڕەخنەگرانی عەرەب لەبەرامبەر وشـەی شـێواز (الاسـلوب) بەکارهێنراوە، لەنێو زمانی فارسـیشـدا زاراوەی (سـبک) بەکارهاتووە. وەکو زۆربەی زاراوەکانی تری ئەدەبی، لە (فەرهەنگی کوردسـتان) دا وشـەی شـێواز بەرامبەر بە ((شـەرم، ئەدەب، ئاکار و شـێوە)) هاتووە (موکریانی، ٢٠٠٠: ٧٦٩). هەروەها لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ش بە ((شـێواز، شـکل، نرخ، شـێوازت لە کام دەکات هاتووە)). (هەژار، ١٣٢٩: ٤٩٢). ((لە ڕوی وشـەییەوە لە لای کوردان شـێواز بەو ڕێگا تایبەتە دەوترێت، کە کەسـێکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراو دەسـتی پێوەدەگرێت، بۆ نموونە ئەو ڕێگەیەی مرۆڤ هەڵسـوکەوتەکانی خۆی تێدا پێشـکەشـدەکات ئەگەر هات و ڕێگەیەکی باش بو، بێگومان شـێوازێکی جوانی بۆ دروسـتدەکات، ئەو کەسـەش کە ئەو ڕێگە باشـە بۆ بیرکردنەوە و قسـە و هەڵسـوکەوتەکانی خۆی دەگرێتەبەر، پێی دەگوترێت: (کەسـێکە شـێوازێکی باشی هەیە، یان کەسـێکی بەشـێوازە، بە ئسلوبە)، بە پێچەوانەوە هەر یەکێک ڕەچاوی یاسـاکانی مامەڵەو هەڵسـوکەوت لەگەڵ بەرامبەرەکانی نەکات و نەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆیدا بکات، پێی دەگوترێت (شـێوازەکەی هەو نییە، یان کەسێکی بێ ئسلوبە). واتە کەسێکی بێ مەعریفەیە)). (عەبدوڵلا، ٢٠١٠-٢٠١١: ١٢). لە کتێبی (شـێوازی شـیعری گۆران) دا بەمجۆرە باسی لە وشـەی شـێواز کراوە ((وشـەی شـێواز لە زمانی لاتینیدا پێی دەگوترێت (stilus) واتا (هەڵکۆڵەر). لە بواری نوسینیشدا بەو مانایە دێت کە ڕێگایەکە بۆ نوسین و نوسەر لە پێناو مەبەستە ئەدەبییەکانیـدا بەکاری دەهێنێـت))، (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٣). بەمجۆرە دەتوانین بڵێین شـێواز بریتییە لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمان، هەر دەربڕینێک بە شـێوازی جیاجیا گوزارشـتی بۆ دەکرێت، کە لە یەکێتری جیاوازن. توێژەران بە سـەرنجدان و لێوردبوونەوە گەیشـتوونەتە ئەوەی، کە دەربڕینی ئەدەبی پلەی شـیعرییەتی بەرزترە لە دەربڕینی ئاسـایی، شـێوازی نوسـەریش لە هەمو ئەو بنەما و ڕەهەندانە سـەرچاوە دەگرێت کە لە دەقێکی ئەدەبیدا هەیە.

### ٣.١ ئاستی دەنگ:

ئاسـتی دەنگ ئاسـتێکی گرنگ و سـەرەکی زمانە و بە بناغەی دروسـتبونی سـەرجەم کەرەسـتە و پێکهاتە زمانییەکان دادەنرێت، ئاستی دەنگ لە توێژینەوە شێوازییەکاندا ڕۆڵێکی سـەرەکی و کاریگەر دەبینێت و نوسـەر یاخود شـاعیر پشـتی تەواوی پێدەبەستێت و ناتوانێت پشتگوێی بخات بەهۆی ئەوەی شێوازگەری لە چوارچێوەی زمانەوە هەنگاو دەنێ بۆ دەقەئەدەبییەکان و شـیان دەکاتەوە، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پەیوەندییەکی کاریگەر لە نێوان شـیعر و مۆسـیقادا هەیەو ناتوانرێت لە یەکتری جیابکەینەوە، بۆیە مۆسـیقا زمـانێکی جیهـانی دەگمەنە، هونەرێکە لە هونەرەدەنگییەکان، کە لە مێژوی کۆن و هـاوچەرخـدا جێگـایەکی دیار و ڕۆڵێکی سـەرەکی لە نەریتە ئایینی و چالاکییەکۆمەڵایەتییەکان هەیە، هەروەها لەنێو کۆمەڵگە مۆدێرن و پێشـکەوتووەکاندا بۆ چارەسـەری دەروونی بەکاردەهێنرێت چونکە کاریگەری لەسـەر هەڵسـوکەوتی مرۆڤ هەیە، بۆیە دەبینین مۆسـیقا لەسـەردەم و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکانی وەک (میسری و یۆنانی و ئەورووپی...هتد)، گەشەی کردووە، دواتر بووە بە زانستێک وەکو هەموو زانستەکانی تر.

لەبارەی زاراوەی (مۆسیقا)ش، لە بنچینەدا لە وشـەی (muse)ی یۆنانییەوە هاتووە، کە یەکێکە لەو (٩) خواوەندەی کە هانی شـیعر و مۆسـیقا و لقەکانی تری هونەر و ئەدەبییـان داوە، هەر چالاکییەکی هونەری و ئەدەبی ئەنجـام بـدرایە لەلایەن (٩) کچەکەی خواوەند (زیوس و نمۆسـین)ەوە سـەرپەرشـتی دەکران. دواتر ئەم زاراوەیە چووەتە ناو زمانی فەرەنسی-کۆن و (musike) یان پێ وتووە کە بۆ کاری هونەری بەکارهێنراوە، دوای ئەوەش چووەتە ناو زمانی لاتینی و (musica) یان (mousika)، یان پێ وتووە (کەلاری، ٢٠١١: ٦٦).

لە زمانی کوردیشـــدا زاراوەی (مۆسـیقا) یان (میوزیک)، بەکارهێنراوە کە بە واتای ((ئاوازی خۆش وئامرازی دەستکرد)) دێت، (هەژار، ١٣٩١: ١٢). چونکە هارکاتێک ((شیعر مۆسـیقای نەبێت کاریگەری لەسەر خوێنەر نابێت، چونکە مۆسیقا لایەنێکی گرنگە لە شـیعردا، نەبونی شـیعرەکە لاواز دەکات))، (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٥٣). بەمجۆرە مۆسیقای شیعر دەبێتە هۆی بەخشینی جوانی و ئیستاتیکی شیعر بەهێز دەکات و دەبێتە خاڵی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و قسەی ئاخاوتنی ئاسایی، ((مۆسـیقای شـیعر، هەمو ئەو تایبەتییە دەنگییـانە دەگرێتەوە، کە لەناو شـیعردا کاریگەری ئیستاتیکی – یان گوزارشتیان هەیە، ئەم تایبەتمەندییانەش لەمانەدا دەردەکەون: ڕیتم، کێش، سـەروا، سـترێس...))، (حسێن، ٢٠٠٨: ٨١). کەواتە دەتوانین بڵێین مۆسـیقا هونەرێکە لە هونەرە دەنگییەکان، کە ڕۆڵێکی گرنگ و سـەرەکی لە بنیاتنانی شـیعردا دەگێڕێـت، هەروەهـا پەیوەنـدییەکی بەهێز و پتەو بەشـیعر دەبەسـتێتەوە، ئەم پەیوەندییەش زیاتر پەیوەسـتە بە زەمەنەوە و جیاکردنەوەی کارێکی ئاسـان نییە، چونکە پەیوەندییەکەیان پەیوەندییەکی بە یەکداچوو تێکچرژاوە و خاوەن مێژوویەکی دورودرێژە، کە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤەوە سـەریهەڵداوە، ئەمەش وایکردووە بڵێین

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp60-70

گیانێکن لە دوو جەستەدا.

## ٤.١ دەنگ لە مۆسیقای دەرەوەی شیعری عاصیدا

### ئاواز(مۆسیقا)ی دەرەوە:

زۆربەی شارەزایان و نوسەران و لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە (کێش و سەروا) بە بنەمای دروستبون و پێکهاتەی ئەمجۆرە مۆسیقایە دادەنێن، (د.دلشاد عەلی) مۆسیقای دەرەوەی شیعر دەبەستێتەوە بە کێش و سەروا لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستیش، بەهۆی کێش و قافییەوە ئەنجامدەدرێت و دەبێتە ئاهەنگی چوارچێوەی گشتی هەڵبەستەکە و سەرجەمی بنیاتەکە دەگرێتەوە))، (عەلی، ٢٠٠٩: ٩٨). مۆسیقای شیعریش (بەو نەغمانە دەوترێت، کە ئەدیبان بەتایبەتی شاعیران، لە هۆنراوەکانیاندا پێکی دەهێنن و دەیکەنە ڕەگەزی سەرەکی بنیاتی بەرهەمەکانیان و شاکاری هونەری پێ ئەنجام دەدەن)، (عەلی، ١٩٩٨: ٨٦). بەمەش دەبینین مۆسیقا دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکی و دیاری دیوی ناوەوە و دەرەوەی شیعر، کە لە ئەنجامی سۆز و هەڵچونی شاعیر سەرهەڵدەدات. لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئەم دوو لایەنە سەرەکییەی مۆسیقای دەرەوە کە لە (کێش و سەروا) پێکدێن.

### کێش:

هەر لە سەردەمانی کۆنەوە لە زۆربەی سەرچاوەکان باسی لێوەکراوە و ئاماژەی بۆ کراوە بەوەی ئەدەب دابەش دەبێت بەسەر شیعر و پەخشان، ئەو ڕەگەزە سەرەکییەی کە ئەم دوو جۆرە لە یەکتری جیایان دەکاتەوە کێشی شیعرەکەیە، چونکە کێش بە خاسیەتە سەرەکییەکانی شیعر دادەندرێت و بە ڕەگەزێکی گرنگی مۆسیقای شیعر دادەندرێت، ڕۆڵێکی کارا و ڕاستەوخۆ دەبینێت لە دروستبونی مۆسیقای دەرەوەی شیعر، لەمبارەیەوە (شێخ نووری شێخ ساڵح) دەڵێت: ((وەزن لە لغەتدا بەگرانی و ثقلت ئەڵێن، فقط نظریە ئیضاحاتی سەرەوە لە لیسانی ئەدەبیاتدا کەلیمەیەکە لە مەعنای معیار، مقیاس، تەرازوودایە لەم ئیضاحاتەوە وا دەرئەکەوێ کە وزن "تەرازووی ئاهەنگە". مەقصەد لەم تەرازووە ئەوەیە لە وەقتێکدا کە سیلسیلەی ئەفکارمان بەیان کردو نوسین و جملەکانی موعەیەن و بەطەرزێکی ئاهەنگدار تەقسیم بکا))، (نوری، ١٩٢٦: ٢). شێخ نووری لێرەدا هەرچەندە ئاماژەی بە (پێ- تەفعیلە) نەکردووە وەک دانەیەکی مۆسیقای شیعری، بەڵام باسی ڕۆڵ و گرنگی کێش ئەکات لە بنیاتنانی مۆسیقای شیعریدا، کێش بە پێوانە و تەرازووی شیعر دادەنێت. (عەزیز گەردی) سەبارەت بە کێش دەڵێت: ((کێش لەگەڵ سەروا تەواوکەری یەکترن، بە هەردوکیان ئەو زەنگ و ئاوازە تایبەتییە بە شیعر دەدەن، کە تەوژمێکی دەربڕین و کارتێکردنی پێدەدەن))، (گەردی، ٢٠٠٠: ٨٤). لەلایەکی تر (گۆران)ی شاعیریش لە باسی کێشدا دەڵێت: ((کێشی – هەڵبەست چ لەناو گەلانی ڕۆژئاوادا هەیە و لە ڕێکخستنی قسە پەیدابووە، لەسەر بنەمای دەستەدەستکردنی دەنگەکانی، بە دانانی شوێنی پشوودان، لە ناوەندی هەموو ڕستەیەکدا ئەم دەنگە دەستە دەست کراوانە لە عەرەبیدا (تەفعیلە) و لە زمانەکانی ڕۆژئاوادا (پێ) یان پێدەڵێن))، (ئاشنا، ٢٠٠٢: ١٥٥). لێرەدا گۆران ئاماژە بە بوونی کێش دەکات لای گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەروەها کێش بە بنەمای جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان دادەنێت، ئەو کێشەش لە ئەنجامی ڕێکخستنی دەنگەکان و ماوەی نێوان (پێ)کان دروستدەبێت کە لە عەرەبیدا (تەفعیلە) و لە کوردیدا (پێ)یان پێوتووە. (جمال حبیب الله) لەبارەی کێش بەمجۆرە ناساندویەتی و دەڵێت: (( ئەو دەنگە (برگە) هاوسانەن کە بینای هەنگاو و نیو دێڕ و دێڕەکانی هەر پارچە شیعرێکی لەسەر دادەمەزرێت، بەشێوەیەکی وەها ژمارەی ئەو دەنگ (برگە)انە لە نیو دێڕ و هەنگاو و دێڕەکاندا وەک یەک بێت بەبێ زیاد و کەم، کێش لە شیعردا تەرازووە و شیعر لە لەنگی ڕزگاری ئەبێت))، ((بێدار)، ٢٠١٣: ٧١). بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کێش یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر و بەو هۆیەوە ئاوازێکی خۆش بە شیعرەکە دەخشێت و لەکاتی خوێندنەوەشدا ئاوازێکی خۆش و ڕەوان دروستدەکات، بەم پێیە عاصی شاعیریش یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی قۆناغی شیعری کۆنی کوردیی و زۆربەی شیعرەکانی لەسەر کێشی عەروزی عەرەبی هۆنیوەتەوە، کە ئەمە وەکو دەستورێک و ڕێسایەک وابو بۆ شاعیر، کە دەبوایە پەیڕەوی ئەمجۆرە کێشەی بکردبایە.

### کێشی عەروزی عەرەبی:

کێشی عەروزی عەرەبی هەر بە ناوەکەی دیارە، کە داهێنراوی عەرەبە لەسەر دەستی (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)یەوە دۆزراوەتەوە، ئەم جۆرە کێشە دەتوانین بڵێین بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبییان پێوەدیار دەبێت لە نێویشیدا (عەرووز)، شاعیرانی کورد ئەو کێشانەیان بەکارهێناوە کە لەگەڵ سروشتی زمانەکەیان گونجاوە، توانیویانە خۆیان بگونجێنن لەگەڵی و هاتون هەندەک گۆڕانکارییان لە کێشەکە کردووە و دەستکارییان کردووە، لێرەدا کورد چاوی لە فارس کردووە و هاتووە سوودی لە گۆڕانەکان بینیوە (زیحاف، عیللە...هتد) بۆ گونجاندنی کێشەکە لەگەڵ شیعری کۆنی کوردییدا، بەتایبەتی ئەو جۆرە کێشانەی کە لە یەکجۆر پێ (تەفعیلە) پێکهاتون و لەنیوە دێڕێکدا چەندجارێک دووبارەدەبنەوە، ئەوەی لەسەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە کێشەکانی (هەزەج، ڕەمەڵ، ڕەجەز، موتەقاریب) زیاتر لەنێو شیعرەکانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا پەیڕەوکراوە و شیعریان پێ هۆنیوەتەوە، هەندێک جۆری کێشی تر هەن شاعیران شیعریان پێنوسیوەتەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەم وەک (موزاریع، خەفیف)، شارەزایانی زانستی عەروز لە پێناسەکردنی ئەم زانستەدا لەوەدا یەکدەگرنەوە کە ((زانستی عەروز ئەو زانستەیە کە کێشانەی شیعری پێدەکرێت، بۆ ئەوەی دروستی و لاسەنگی و ئەو شیعرە دەرکەوێت لەگەڵ دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکاندا))، (کاکی، ٢٠٠٨: ٧٣). لەمبارەیەوە ئەگەر سەیری دیوانی شاعیر بکەین دەبینین زۆربەی شیعرەکانی لەسەر ئەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە و پانتاییەکی فراوانی لە دیوانەکەدا داگیرکردووە ئەمەش شێوازی شیعری شاعیر دەردەخات، کە وا زیاتر کاریگەر بووە بەمجۆرە کێشە و ناوبانگی بەوەوە دەرکردووە، کێشی هەزەج بە پلەی یەکەم دێت، دواتر کێشی ڕەمەل و موزاریع، لەگەڵ ئەمانەشدا چەند نموونەیەکی کەمی هەیە، کە پەیڕەوی کێشی بڕگەیی کردووە و نموونەی شیعری نوسیوەتەوە. لەخوارەوە ئاماژە بە چەند جۆرێکی کێش دەکەین بە نموونەی شیعری دەیانخەینە ڕوو:

**کێشی هەزەج:** یەکێکە لە کێشە باوەکان، کە لەگەڵ شیعری کوردی و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دەگونجێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاهەنگداری و سوکی کێشەکە، بەمجۆرە ((کێشەکە چونکە گورج و سوک و بە ئاهەنگە پەسندکراوە و شاعیران زۆر بەکاریان هێناوە))، (بیار، ١٩٩٢: ٦٧)، دەتوانین بڵێین زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان ئەمجۆرە کێشەیان بەکارهێناوە، عاصی شاعیریش ڕێژەیەکی گەلەک زۆری لە شیعرەکانی دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەم جۆرە کێشەوە، کە لە خوارەوە باسی چەند جۆرێکی دەکەین:

**هەزەجی هەشتی تەواو:** قاڵبی کێشەکە: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن ×٢)، شاعیر دەڵێ:

**خو/دا/ یا/ بەخ// تی/ بەر/گەش/تەم// لە/سەر/چی/ ئەم// غە/مەی/ هێ/نا**

ب - - -/ ب - - - / ب - - - / ب - - -
م فاعی لن / م فا عی لن / م فا عی لن / م فا عی لن
لە/ گوڵ/ زا/ ری// جە/ وا/ نی/ ما// د/ ڵم/ چوو/ زەم// زە/ مەی/ هێ/ نا
ب - - -/ ب - - -/ ب - - - / ب - - -
م فا عی لن / م فا عی لن/ م فا عی لن / م فا عی لن
(عاصی، ٢٠٠٨: ١٩)

**هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف:**

قاڵبەکەی: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن × ٢)، لەمبارەیەوە شاعیر دەڵێ:

**سەد/ نا/ وی// خو/ دا/ بێ/ لە// دو/ ئەب/ رۆ/ ی// هی/ لا/ لت**
**ــ ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ــ**
**مف عو ل /م فا عی ل/ م فا عی ل / ف عو لن**
**نەق/ قا/ شی// ئە/ زەل/ جەد/ وە// لی/ کێ/ شا/ لە// جە/ ما/ لت**
**ــ ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ــ**
**مف عو ل /م فا عی ل / م فا عی ل/ ف عو لن**
(عاصی، ٢٠٠٨: ٣٨)

**هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسوور:**

قاڵبەکەی: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان × ٢):

شاعیر ئەم قاڵبەی تاڕادەیەکی باش بەکارهێناوە و شارەزاییەکی باشی هەبووە توانیویەتی زۆر سەرکەوتووانە شیعری پێ بهۆنێتەوە، بۆ نموونە دەڵێ:

**تا/ کەی/ لە// خە/ وی/ غەف/ لە// تی/ ئەی/ کور/ دی// سی/ یە/ چار**
**ــ ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ــ**
**مف عو ل /م فا عی ل / م فا عی ل / ف عو لان**
**بێ/ ئی/ شو// پە/ ڕا/ گەن/ دە // وو/ مەح/ زوو/ نو// خە/ فەت/ بار**
**ــ ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ب / ب ــ ــ**
**مف عو ل /م فا عی ل/ م فا عی ل / ف عو لان**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٦٤ )

**پ- هەزەجی هەشتی موسەبەغ**

قاڵبی کێشەکەی (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان × ٢)، بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

**لە/ ئا/ موو/ شۆ// پی/ خز/ مەت/ تۆ// ت/ کا/ ئا/ وی// حە/ یا/ قور/ بان**
**ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ .**
**م فا عی لن / م فا عی لن/ م فا عی لن /م فا عی لان**
**وە/ کو/ دێ/ وا// نە/ وا/ ڕۆ/ یم// م/ نی/ سەر/ گەش// تە/ سەر/ گەر/ دان**
**ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ/ ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ**
**م فا عی لن / م فاع لن/ م فا عی لن /م فا عی لان**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٥٦)

**ڕەمەل:**

یەکێکە لە کێشـــە باوەکان و لە دوای هەزەج دێت، کە زۆربەی شـــاعیرانی کۆنی کوردیمان پەیڕەوی ئەمجۆرە کێشەیان کردووە و شیعریان پێهۆنیتەوە، هەروەها یەکێکە لەو کێشـــانەی کە ســـوک و ئاســـان و ئاوازەکەی خۆشـــە و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شیعری کوردی گونجاوە، شاعیران بۆ دەوڵەمەندکردنی دیوانی شیعرەکانیان هانایان بۆ ئەمجۆرە کێشـــە بردووە، عاصی شـــاعیریش ئەمجۆرە کێشـــەی زۆر بەکارهێناوە و شارەزاییەکی باشی لەمبوارەدا پەیداکردووە، شاعیر دوو جۆر ڕەمەلی بەکارهێناوە:

**ڕەمەلی هەشتی مەحزووف**

قاڵبی کێشەکە بەمجۆرەیە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢)، بۆ نموونە دەڵێ:

**هەند/حە/ سوو/ دە//چەر/خی/گەر/ دوون// دەر/ حە/ قم/ کەو// تۆ/ تە/ شەڕ**
**ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ**
**فا ع لا تن / فا ع لا تن / فا ع لا تن / فا ع لن**
**ئا/ شی/ بەد/ بەخ // تی/ بە/ ئا/ وی// نەگ/ بە/ تی/ خس// تۆ/ تە/ گەر**
**ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ**
**فا ع لا تن/ فا ع لا تن/ فا ع لا تن /فا ع لن**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٧٢)

**ڕەمەلی هەشتی مەقسوور**

قاڵبی کێشـــەکە بەمجۆرەیە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢)، شـــاعیر ئەمجۆرە کێشـــەی بەرێژەیەکی بەرچاو بەکارهێنـــاوە، کە دەکاتە (١٥) بڕگە، هەروەک لەم شیعرەدا دەڵێ:

**مەس/ تو/ سەر/ خۆ// شو/ خە/ جا/ ڵەت// بێ/ د/ ڵو/ دێ// وا/ نە/ خۆم**
**ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ**
**فا ع لا تن / فا ع لا تن / فا ع لا تن /فا ع لان**
**دڵ/ لە/ دەست/ دەر// چووی/ خە/ یا/ ڵی// با/ دە/ پی/ مەس// تا/ نە/ خۆم**
**ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ**
**فا ع لا تن / فا ع لا تن/ فا ع لا تن /فاع لان**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٩٣)

**کێشی موزاریع:**

((کێشـــی موزاریع لە کوردیدا بۆ زۆری هەر بە زیادکراوی بەکارهاتووە واتە لە جیاتی شـــەش پێ وەک لەناو بازنەی خۆیدا هاتووە، بووە بە هەشـــت پێ (٤ + ٤). لە کۆتایی ســـەدر و عەجزدا یەک پێی (فاع لاتن) ی بۆ زیادکراوە. ئینجا بە پێی قاڵبە کێشـــەکان زیحاف و عیللەی جیا جیا وەردەگرێ))، (گەردی، ٢٠١٤: ١٣٧). شـــاعیر ئەمجۆرە کێشەی لەنێو شێعرەکانی بە کەمی بەکار هێناوە، لەنێو دیوانەکەیدا تەنها یەک نموونەی شـــیعری لەســـەر جۆرێکی موزاریع بەکارهێناوە ئەویش (موزاریعی هەشـــتی ئەخرەبە)، قاڵبی کێشـــەکەی بەمجۆرەیە (مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن × ٢)، بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

**ئەی/ عا /ش// قی/ خە/ را/ بات// هەن/ گا/ می// کەی/ فو/ بەز/ مە**
**ــ ــ ب / ــ ب ــ ــ / ــ ــ ب / ــ ب ــ ــ**
**مف عو ل / فاع لاتن / مف عو ل / فاع لاتن**
**سەر/ حەل/ قە// پی/ مەی/ تۆ/ شان// پیا/ ڵەی/ شە// را/ بی/ هێ/ نا**
**ــ ــ ب / ــ ب ــ ــ / ــ ــ ب / ــ ب ــ ــ**
**مف عو ل / فا ع لا تن / مف عو ل / فا ع لا تن**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٢٠)

**کێشی بڕگەیی :**

شاعیر لەپاڵ بەکارهێنانی کێشی عەرووزی عەرەبیدا، کێشی بڕگەیی، یان پەنجەیی خۆماڵی بەکارهێناوە. ئەمجۆرە لەسە بنەمای ژمارەی بڕگە بنیات دەنرێت، ئەمجۆرە لەگەڵ بنەما و خاسیەتە تایبەتییەکانی زمانی کوردی دەگونجێت دوای نوێبونەوەی شیعری کوردی شاعیرانی نوێخواز خۆیان لە کێشی کۆنی عەروزی ڕزگارکرد و ئەمجۆرەیان بەکارهێنا، ڕەگ و ڕیشەی ئەم کێشە بەبێ شک بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەگەڕێتەوە، زۆر لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی زمانی کوردی لەمجۆرەن، (علاءالدین

سجادی) لە کتێبی (نرخ شناسی) دا دەڵێت: ((لە سروودەکانی (گاتها)دا، کە سروودەکانی زەردەشتە – وە ئەم سروودانە بۆ بناغەی زمانی کوردی پایەیەکی بەهێزن – بەجۆرێک داینا‌وە کە کێشەکەی لەسەر هیجا ئەڕوا))، (سجادی، ١٩٧٠: ١٠٦). هەروەها (جەبار ئەحمەد حسێن) دەڵێت: (( ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ ناوی لێبنێ کێشی نەتەوەیی گەلی کورد))، (حسێن، ٢٠٠٥: ٧٨). عاصی لە نێو دیوانە شیعرییەکەیدا تەنها دو نموونەی شیعری هەیە کە بە کێشی بڕگەیی هۆنراوەتەوە، لەڕوی دابەشبونی ژمارەی بڕگەکان بەجۆرێک دێڕەکان بەسەر ١٤ بڕگەدا دابەشکراون وەستان لە ناوەڕاست هەیە بەوەی (٧+٧) هۆنراوەتەوە لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێ:

**ئەی یاری سەروو قامەت گەردن شووشەی بلوورین**

**ئەی/ یا / ری/ سە/ روو/ قا/ مەت// گەر/ دن/ شوو/ شەی/ ب/ لوو/ رین**

**ئەبرۆ کەمانی چاوڕەش ئەی ڕووگوڵ و نازەنین**

**ئەب/ رۆ /کە /ما /نی /چاو/ ڕەش // ئەی/ ڕوو /گو /ڵ و /نا /زە/ نین**

.

**بۆ وەصڵی دڵبەری خۆی (عاصی) ئەوا دەگریا**

**بیکەی بە قسمەتی ئەو یارەب غەزالەی ماچین**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٦٢)

لە نموونەیەکی تردا شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکەیدا کێشی (١٠) بڕگەیی بەکارهێناوە بەجۆرێکە، کە وەستان لە ناوەڕاست هەیە و بەسەر (٥+٥) دێرەکانی دابەشکراوە، ئەمەش دیارە یەکێکە لە کێشە باوەکانی نێو شیعری کوردیدا، هەروەک دەڵێ

**ئێمە کە کوردین خودا دەناسین     لەڕێگەی دینا خەیلی ئیخلاسین**

**وەزیفەمانە چونکە ئیسلامین     ساحێب غیرەت و عەزمی تەمامین**

**ئێ/ مە/ کە/ کور/ دین // خو/ دا/ دە/ نا/ سین (٥+٥)**

**لە/ ڕێ/ گەی/ دی/ نا //  خەی/ لی/ ئیخ/ لا/ سین (٥+٥)**

**وە/ زی فە / ما / نە // چون / کە / ئیس / لا / مین (٥+٥)**

**سا / حێب / غی / رە / ت و // عەز / می / تە / ما / مین (٥+٥)**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٣٦٩)

**سەروا**

سەروا بنەمایەکی گرنگی تری مۆسیقای شیعرییە، لەدوای کێش بەپلەی دووەم دێت لە دروستکردنی ئاوازی دەرەوەی شیعر، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری بینیوە لە بنیاتنانی مۆسیقای شیعری، ڕۆحێکی زیند و بە شیعر دەبەخشێت و لەکاتی خوێندنەوەی تام و چێژێکی تایبەت دەدا بە شیعر و وا دەکات بەو ئاوازەی کە دروستی دەکات زو لەبەربکرێت و لە زەینی شاعیران و خوێنەران بمێنێتەوە، سەبارەت بە پێناسەی سەروا گەلێک پێناسە لەلایەن نوسەران یاخود شاعیران یاخود ڕەخنەگرانەوە بۆ کراوە، هەر یەکە لە ڕوانگە و دید و بۆچونی خۆیەوە ناساندویەتی، لەوانە (عەزیز گەردی) دەڵێت: ((قافیە بریتییە لە دوا پیتی دێڕەوە تا یەکەم تیپی وەستاوی پێش خۆیی و تیپی پێش ئەویش. واتە سەرجەمی تیپە بزواوەکانی نێوان دووپیتی وەستاوی کۆتایی دێڕ و تیپی وەستاوی یەکەمیش))، (گەردی، ١٩٩٨: ٢٢). لەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ ڕون بۆوە کەوا سەروا کۆمەڵە دەنگێکە لە کۆتایی لەت یا دێڕە شیعر، وەک پارچە مۆسیقایەکە و گوێگر چاوەڕوانی دووبارەبونەوەیەتی لە کاتێکی ڕێکخراودا واتا ((سەروا توخمێکە لە توخمەکانی بینای شیعر، سەروا بەهایەکی مۆسیقییانەیە کە ژمارەیەک دەنگ لە کۆتایی دێڕەکانی شیعردا دووبارەئەبێتەوە، ئەم دووبارەبونەوەیەش بەشێکی گرنگ لە مۆسیقای شیعر دروستدەکات. سەروا وەک نێوەندە مۆسیقییەکانە کە گوێگر چاوەڕوانی دووبارەبوونەوەیان دەکات و چێژێک وەردەگرێت لەو جۆرە دووبارە بووانە کە لە پەردەی گوێ دەدەن لە ماوەکاتییە ڕێک و پێکەکاندا))، (بێدار، ٢٠١٣: ٨٥). لە کۆی ئەو پێناسانەی وەرمانگرت دەتوانین بڵێین: سەروا بریتییە لە دوا دەنگ یاخود پیتی کۆتایی دێڕ یان نیوەدێر، کە بەو هۆیەوە دەبێتە هۆی دروستبونی ئاواز و مۆسیقایەکی چێژبەخش و بەگوێی گوێگر و یارمەتیدەر دەبێت بۆ زولەبەرکردن و ئاسان خوێندنەوەی شیعرەکە. عاصی شاعیر لە نێو دیوانەکەیدا ڕێژەیەکی زۆر پەیڕەوی سەروای یەکگرتوی کردووە و لە هەندێک شیعری سەروای مەسنەوی بەکارهێناوە، لەگەڵ چەند نموونە شیعرێک لە جۆرەکانی پێنجینەبەند، پێنجخشتەکی، چوارین و تاکدێڕ، لە خوارەوە ئاماژە بەو جۆرانەی سەروا دەکەین و بە نموونەی شیعری دەیانخەینەڕو:

**سەروای یەکگرتوو**

بەمجۆرە شیعرە دەگوترێت، کە سەروای شیعرەکە لە سەرەتاوە تاکو خوارەوە بەشێوەیەکی یەکگرتوو سەرواکەی نوسراوەتەوە و هاتۆتە خوارەوە، شاعیر زۆربەی شیعرەکانی بەمجۆرە سەروایە هۆنیوەتەوە، کە ئەمانەی لای خوارەوە چەند نموونەیەکن:

**وان لە گێژی بەحری جەهلا وەرنەدەر ئەی گەنجەکان**

**عیلمە پاپۆڕی نەجاتتان تێ بکۆشن ڕۆڵە گیان**

**نەک لە ڕێیازی ژیانا تووشی کۆسپەی غەم ببن**

**عیلمە لەنگەر بۆ سەفینەت هەم قەڵاتە بۆ ژیان**

**عیلمە ئەتخاتە هەواو و چەندە چوستە سەیری کەن**

**چۆن بەیەک لەحزەت ئەباتە عاسیمەی بێگانەکان**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٢٠٤)

لەم شیعرەدا وشەکانی سەروا بریتین لە: (گەنجەکان، گیان، ژیان، بێگانەکان، نەزان، لوقمانەکان، نەوجەوان، کۆڵانەکان،...هتد)، واتە لەم شیعرەدا شاعیر پەیڕەوی یەکێتی سەروای کردووە و سەرواکە لەسەرەوە تاکو خوارەوە بەشێوەیەکی ستوونی و یەکگرتو لەکۆتایی هەمو دێڕەکاندا دەردەکەوێت، لە ئەنجامی دووبارەبونەوەی دەنگەکانی (ا،ن)لە کۆتایی هەمو دێرەکاندا ئاوازی دەرەوەی شیعرەکەیان دروستکردووە، لەشیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**دەوڵەمەند و ئەهلی دونیا قەت مەکەن فیکری غروور**

**وا ئەجەل کەوتۆتە شوێنتان دائیما نێزیک و دوور**

**ڕۆژی دوێنێ چوو لە دەستت بۆ سبەش مەعلووم نیە**

**فورسەتە ئیمڕۆ خەریک بە بۆ نەجات ڕۆژی نشوور**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٧٦)

لەم شیعرەدا وشەکانی سەروا بریتین لە: (غروور، دوور، نشوور، قسوور، مارومور، بلوور، شعوور، ژێروژوور،...هتد)، واتە لەم شیعرەدا شاعیر پەیڕەوی یەکێتی سەروای کردووە و سەرواکە لەسەرەوە تاکو خوارەوە بەشێوەیەکی ستوونی و یەکگرتو لەکۆتایی هەمو دێڕەکاندا دەردەکەوێت، دەنگی (ر) ڕەوییە، پێش ڕەوی (وو)، لە ئەنجامی هاوبەشی ئەو دەنگانە ئاوازی دەرەوە دروستبووە.

**سەروای مەسنەوی (جووت سەروا):**

(مارف خەزنەدار) لە کتێبی (کێش و قافییە لە شیعری کوردیدا) دەڵێت: ((شیعری جووت قافییە، یاخود (مزدوج)، ئەمە بریتییە لەو شیعرەی هەمو دێڕە شیعرێکی قافییەیێکی تایبەتی ئەبێ، واتە هەردوو دێڕە شیعری بەیت لەسەر یەک قافییە

ئەبن))، (خەزنەدار، ١٩٦٢: ٦٣). عەزیز گەردی، لە نامەی دکتۆراکەی بەمجۆرە پێناسـەی قافییە دەکات و دەڵێت: ((قافییە بریتییە لە دوا تیپی دێڕەوە تا یەکەم تیپی وەسـتاوی پێشـخۆیی و تیپی پێش ئەویش. واتە سـەرجەمی تیپە بزواوەکانی نێوان دووپیتی وەسـتاوی کۆتایی دێڕ و تیپی وەسـتاوی یەکەمیش))، (گەردی، ١٩٩٨: ٢٢). لە کۆی ئەم بۆچوونەی سـەرەوە بەلای ئێمەشـەوە (سـەروای مەسـنەوی) بەوجۆرە شیعرانە دەوترێت کە هەر دێڕە و لەڕوی سەرواوە سەروای تایبەتی خۆی هەیە جیایە لە سـەروای دێڕەکانی تر. عاصی لەمجۆرەی سـەروایە (٢) شـیعری هۆنیوەتەوە، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**ئافەرین بۆ نووحی نەزم چۆن بە خەندە و پێکەنین**
**ئەم سەفینەی پڕ لە ئیخلاس واگەیاندە سەرسەفین**
**عەرزی ئیخلاس و سەلام هەڵبژێرێ بـێ عەدید**
**چەندە ملیار و کلوور بێ بۆ مـەلا عەبدولەجید**
**دەستەکانی ماچ دەکەم من زۆر بە فەخرو شادمان**
**حەمدولیللا ئێمە باشین ئەی بوزرگـــی میرەبان**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٣٦٥)

**چوارین:**

چوارین یەکێکە لە فۆرمەکانی شـیعری کوردی، لە چوار نیوەدێڕ پێکدێت، لە ڕوی سەرواوە سەروای تایبەتی بەخۆی هەیە، چوارین دەشێ بەتەنها بێت و مەبەستێکی تایبەتی دەربڕێت، دەشێ کۆپلەیەک بێت لەشیعرێک، یاخود شیعرێکی درێژیێت دابەشـکرابێت بەسـەر چەند بەندێکی چواریندا، (عەزیز گەردی) دەربارەی چوارین دەڵێت: ((چوارین پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سـەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ وەکو (سۆفیزم دڵداری و فەلسەفی و مەی و مەیخانە و پەند و قسـەی نەسـتەقی و دانایی و شـتی تر) زۆرجاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەشبووە))، (گەردی، ١٩٩٩: ٢٠٤). عاصی لە شـیعرەکانیدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، لە دیوانەکەیدا (٣) شیعری لەسەر ئەم هونەرەی هۆنیوەتەوە، لەڕووی سەرواشەوە دو جۆر سەروای بەکارهێناوە، لەخوارەوە بەنموونە دەیانخەینەڕو:

**چوارینی خەساو:**

لەمجۆرەی چوارین قاڵبەکەی بەمجۆرەیە (AABA)، نیوەدێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم یەک سەروایان هەیە نیوەدێڕی سێیەم سەرواکەی جیاوازە. کۆنترین شاعیر کە ئەمجۆرە چوارینەی بەکارهێناوە (بابا تاهیری هەمەدانی)یە. لە چوارینە وەرگێراوەکانی (خیام)دا بۆ زمانی کوردی، ئەمجۆرە چوارینەیە دەبینرێت، لە ئەوروپا ئەم قاڵبە لەژێر کاریگەری چوارینەکانی خیامدا پەرەی سـەندووە، بۆیە بەچوارینی خیام ناسراوە))، (گەردی، ١٩٩٩: ٢٠٨). عاصی(٢) نموونەی شـیعری لە مجۆرە چوارینەی هەیە بۆ نموونە لەم چوارینە دەڵێت:

**ئەبێ هیوات حەق بێ وەرە (عاصـی) بە مـەردانە** A
**لغاو کە نەفسی سەرکێشت بەرازێکە لەنـــاو لانە** A
**لە مەیدانی شەڕی ئەودا چەکت هەر زیکری باری بێ** B
**کە چونکە کوشتنی نەفسی جیهادی ئەهلی عیرفـــانە** A
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٣٧٥)

لەم چوارینەدا وشەکانی (دانە، لانە، بێ، عیرفانە) سەروای چوارینەکەیان پێکهێناوە.

**چوارینە بەند**

لەمجۆرە چوارینەدا سـەرواکەی بەمجۆرە دەبێت نیوەدێڕی یەکەم و دووەم و سـێیەم هەمان سـەروایان دەبێت و نیوەدێڕی چوارەم سـەرواکەی جیاواز دەبێت، واتا قاڵبەکەی بەمجۆرە دەبێت (AAAB)، شـاعیر یەک نموونەی لەم جۆرە چوارینەی هەیە، بۆ نموونە دەڵێت:

**خاتەمی دیواری روتبەی قـــــایە بنچینەکەی**
**پڕ لە ئەسراری خودایە سینەیی گـــەنجینەکەی**
**دلبەرێکی دڵ رفێنە ئەو بەدڵ گـــــوڵ چینەکەی**
**من کەتینووم بۆ شفاعەت ئەو کە ساقی کەوسەرە**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٣٧٥)

وشـەکانی سـەروای ئەم چوارینەیە بریتین لە (بنچینەکەی، گەنجینەکەی، چینەکەی، کەسـەرە)، لەنیوەدێرەکانی (١،٢،٣) دا ڕەوی (ن)ەو، پاش ڕەوی(ە،ک،ە،ی)، لە نیوەدێری چوارەم رەوی (ر)، پاش ڕەوی (ە)یە.

**پێنجینە بەند**

((ئەمجۆرە قاڵبە بریتییە لەوەی، کە شـاعیر چەند کۆپلە شـیعرێک بەدوای یەکدا دەهێنێ و هەر کۆپلەیەکیش پێکهاتووە لە پێنج نیوەدێڕە شیعر و لەڕوی ڕوخسارەوە هەمو نیوەدێڕەکانی بەند (کۆپلە)ی یەکەم لەسـەر یەک سـەروان (ااااا) و هەرچی بەندەکەی دیکەن ئەوا چوار نیوەدێڕیان لەسـەر یەک سـەروا دەبن و نیوەدێڕی پێنجەمیش لەسـەر سـەروای نیوەدێڕی پێنجەمی بەنـدی یەکەم دەبێت و واتە بەمشـێوەیە (ب ب ب ب ا)، (خەزنەدار، ١٩٨٤: ١٨٤). عاصی لەمجۆرە هونەرەی شیعرەدا (١٥) نموونەی شیعری هەیە. شاعیر لە پێنجینە بەندێکدا دەڵێت:

**یا ڕەسولەللا دەخیلە فەخری جوملەی کـــائینات** A
**هەوری نەکبەت گشتی داگرت عەرسەگاهی کائینات** A
**رووکە دەرگەی بارەگاهی کارسازی کـــائینات** A
**وا شەپۆلی بەحری فیتنە غەرقی کردووە کـائینات** A
**ئەشرەفی ئەولادی ئادەم یا ڕەسولەللا نەجـــــات** A
**سەد ئەسەف تێکچوو نیزامی خۆش حەیاتی کوردەکان** B
**تیپ بە تیپ منداڵی مەعسووم چوونە شاخ و کێوەکان** B
**وا لەبەر باران و سەرما هەر دەگریەن بێ وچـــان** B
**رووت و برسین بێ ئومێدن پاکی بێزارن لە ژیـــان** B
**ئەی پەناهی بێ پەنایان یارەسولەللا نەجـــــات** A
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٢٦٩)

**پێنج خشتەکی**

یەکێکە لە فۆرمەکانی شیعری کوردی، شـاعیر زۆرجار ئەم فۆرمە بۆ خۆدەرخسـتن یاخود دەرخسـتنی توانای شـیعرییەتی خۆی بەکاریدەهێنێت، بە مەبەسـتی ئەوەی ئاستی شـیعرییەتی بگەیەنێتە ئەو ئاستە شیعرییەی، کە شـاعیرانی پێشی خۆی کردوویانە، یاخود حەز و ئارەزوو و کاریگەریی شاعیرە بە شاعیری پێشی خۆی دێتن دێرێک لە شیعری شاعیر وەردەگرێت و تێکهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی دەکات و ئەمجۆرە فۆرمە بەرهەمدەهێنێت سـەبارەت بە قاڵب و سـەرواکەی ((وەکو پێنجین لە کۆپلە بەندێک پێکهاتووە، کە هەر بەندێکیان لەسـەر پێنج نیوەدێر دامەزراوە، بەڵام لێرەدا هەمو شیعرەکە هی یەک شاعیر نییە، بەڵکو شاعیر شیعری شاعیرێکی دیکە دێنێت و دەیکاتە پێنج خشـتەکی بەشـێوەیەک، کە لە هەر بەندێکدا سـێ نیوەدێری پێشـەوە، واتا سـەرەتای بەندەکە هی شـاعیر خۆیەتی و دو نیوەدێرەکەی کۆتایی بەندەکەش هی شـاعیری دووەمە، بەندەکەش لەسـەر سـەروای دو نیوەدێرە وەرگیراوەکە دەبێت، واتە شیعری شاعیری دووەم، بەندەکەش لە کۆتاییشدا هەروەک

چۆن شیعرە وەرگیراوەکە نازناوی شاعیرەکەی تێدایە، شاعیری وەرگێڕیش نازناوی خۆی دەخاتە پاڵ سێ نیوەدێڕەکەی خۆی لە بەندی کۆتایی پێنجخشتەکییەکەدا، پێنجخشتەکی تاوەکو کۆتایی دێڕی وەرگیراو بەردەوامی دەبێت، واتە تاوەکو شیعرە وەرگیراوەکە کۆتایی دێت، ئینجا ئەمیش کۆتایی پێدێت))، (خەزنەدار، ١٩٨٤: ١٨٩-١٩٠).

**شاعیر لە (تەخمیسی غەزەلی وەفایی)دا دەڵێت:**

**یاران چە عەجەب دەوری قەمەر وەک شەوی تارە**
**وا مەوسیمی گوڵزار و گوڵ و گەشتی مەزارە**
**وەختی هەوەسی بولبولە وا بەختی بەکارە**
**ڕۆژی تەرەب و فەسلی گوڵ و ڕوویی بەهارە**
**یاران گوڵەکەم کوا کە دەمی بۆس و کەنارە**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٣٢٥)

**تاکدێڕ، بەیت (فرد):**

((بریتییە لە دێڕە شیعرێک، کە لەسەر کێشێکی عەروزیدا دەبێت و سەرواکەشی بەزۆری بریتییە لە (اا) و هەندێک جاریش (ا ب) و زیاتر لەگەڵ بیرێکی فەلسەفی زوتێپەڕ، یا بۆ تۆمارکردنی ڕۆژی لەدایکبون و مردن لە ڕێگەی پیتی ئەبجەدییەوە دەگونجێت و خاوەن مۆسیقای خۆیەتی و دەشێت هەر تاکە بەیتێکی شیعری کلاسیکی کوردی بە (فرد)یک دابنێین بەو مەرجەی کە مانایەکی سەربەخۆی هەبێت))، (حوسێن، مەولود، ٢٠١٨: ١٦٢). شاعیر لەمجۆرە قاڵبە تەنها (٢) نموونەی هەیە، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**دڵ لە سینەم وەک کە دەرچوو گەییە قاپی دڵبەرم** A
**بولبولێکی ناو قەفەز بوو ڕۆییە گەڵزاری ئێرەم** A

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٣٧٧)

**لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:**

**بەگورجی هاتم ئەی گوڵ بمە خــــــارت** A
**ئەسەف قوربان کە مەحرووم بووم لە دیدارت** A

(دیوانی شاعیر، ٢٠٠٨: ٣٧٧)

## ٢. دەنگ لە ئاوازی ناوەوەی شیعری عاصیدا

### ٢. ١ ئاوازی ناوەوە

لەتەوەرەی دووەم باسی کێش و سەروامان کرد، لەگەڵ جۆرەکانی کێش و ئەو قاڵبە شیعریانەی، کە شاعیر هۆنیویەتەوە، هەمو ئەمانەی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی شیعردا، لەکاتی خوێندنەوەی ئاوازێکی دڵڕفێن بەگیانی شیعرەکە دەبەخشن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجۆرە مۆسیقایە لە هەمو دەقێکی ئەدەبیدا بونی هەیە، بەڵام ئاوازی ناوەوە ئەو مۆسیقایە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی چەندین جار دووبارەبونەوەی چەند دەنگێک یان پیتێک جا بزوێنبن یان نەبزوێن، یاخود لە ئەنجامی ڕێکخستن و بەدوای یەکداهاتنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی ناو دێڕە شیعر دێنە ئاراوە و پەیدادەبن، مەبەستیش لە مۆسیقای ناوەوە ((هەستکردنە بە ئیستاتیکای زمان و بەهای دەنگی و ڕۆنانی، ئەمەش مۆسیقایەکی لەمجۆرە پشت نابەستێت بەشێوەی کاتی پێ))، (حسێن، ٢٠٠٨: ١٩٨)، لەلایەکی تر دەتوانین بڵێین ئاوازی ناوەوە ((ڕێکخستنی ورد و جوانی وشەو دەستەواژەکانی ناو دێڕە شیعر بەشێوەیەک لە پێوەندی بە یەکەوە گونجاندن لە نێوان دەنگ یا تیپی دوایی وشەکاندا بێت، ئەمەش هەندێ جار شاعیر بە مەبەست هەوڵی ڕێکخستنیان دەدات هەندێ جاریش لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە دروست دەبن))، (مەحمود، ٢٠٠٧: ١٤٢). هەروەها (ڕەفیق حیلمی) لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا بەمجۆرە باس لە لە مۆسیقا دەکات و دەڵێت: ((ئەوانەی کە لە ئاهەنگی موزیقە تێ ئەگەن وە لە موزیقەی شیعردا، شارەزاییان هەیە، ئەڵێن: ئینسان وەکو ئاو وەکو هەوا ئاتاجە بە موزیقە))، (حیلمی، ١٩٨٨: ١٦٦)، لەو پێناسەی ڕەفیق حیلمی دەگەینە ئەوەی بڵێین چۆن ئاو و هەوا پێویست و گرنگن بۆ ژیانی مرۆڤەکان، ئەوەندەش مۆسیقا گرنگە بۆ شیعر بۆ مرۆڤەکان وەکو ئاو و خۆراک وایە بۆ گیانی شیعر، بۆیە هەمو ئەو وشە و ڕستە و دەستەواژانەی کە بەشداری دەکەن لە ئاوازی ناوەوەی شیعر لە ڕوی بەکارهێنانەوە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، چونکە توانایی و لێهاتویی شاعیر ڕۆڵ دەبینن لەبەکارهێنانی ئەو وشانەی بەشداردەبن لە دروستکردنی ئاوازی ناوەوە، دەتوانین بڵێین ئەو توانا و لێهاتووە وایلێکیدێت شێوازی شاعیر دیاری بکەن و ببێتە ناسنامەی شاعیر و لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکان شێوازی شاعیر تێدا دەبینرێت و دەناسرێت بەوەی ئەمجۆرە شێوازی نووسینە هی فلانە شاعیرە، (عاصی) شاعیریش یەکێکە لەو شاعیرانەی شێوازی تایبەتی نوسینی خۆی هەیە، ڕاستە شاعیر لەسەرەتای نوسینی شیعردا سوود لە ئەزموونی پێشخۆی وەردەگرێت بەوەی کە چەندان دیوانی شیعری پێشخۆیی و سەردەمی خۆی دەخوێنێتەوە، بەڵام بەتێپەڕبونی ڕۆژگار و توانا و لێهاتویی خۆی ڕێچکەی تایبەت بەخۆی دەبێت و دەبێتە خاوەن شێوازی تایبەت بەخۆی کە شاعیری پێدەناسرێتەوە، شاعیر بەهۆی دووبارەکردنەوەی (دەنگ" بزوێنو نەبزوێن"، وشە، دەستەواژە، ڕستە) هونەرەکانی (ڕەگەزدۆزی، دژیەک، دوابۆسەر، دیاردەی قرتاندنی دەنگ) بەشێوەیەکی هونەرمەندانە و شارەزایانە چەندین ئاوازی خۆش و ناسکی بۆ ناوەوەی شیعرەکانی دروستکردووە و مۆسیقای شیعرەکانی پێڕازاندۆتەوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین و بە نموونەی شیعری دەیانخەینەڕو:

### ٢. ٢ دووبارەبونەوەی دەنگ

عاصی لە شیعرەکانیدا زۆر وەستایانە و شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ دەنگدا کردووە، ئەویش لەڕێگەی چەندین جار دووبارەکردنەوەی دەنگ (بزوێن و نەبزوێن)، کە ئەمانە بونەتە هۆی بەخشینی ئاواز و مۆسیقایەکی خۆش و دڵڕفێن و ناسک بە شیعرەکانی، هەمو ئەمانەش شێوازی شیعری شاعیر دیاردەخات و دەبێتە ناسنامەی شاعیر، ((شاعیر کاتێک دەنگێکی تایبەتی یان کۆمەڵە دەنگێک دووبارەدەکاتەوە، دەیەوێ جەخت لەسەر لایەنی مۆسیقای شیعرەکە یان پارچەیەک لە پارچەکانی ئەو دەقە بکاتەوە لەڕێی چنینی مۆسیقی و جۆرە چێژێک بە گوێگر و وەرگر بەبخشێت))، (گەردی، ٢٠٠٠: ٦٣). لێرەدا چەند دیاردەیەکی دووبارەکردنەوەی دەنگێک یان کۆمەڵە دەنگێک لای شاعیر دەخەینە ڕو:

### ٢. ٣ دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن (هاوبزوێنی):

واتا دووبارەکردنەوەی دەنگێک یا چەند دەنگێکی بزوێن بۆ زیاتر لە چەندین جار لە دێڕە شیعردا، (عەزیز گەردی) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((بزوێنییە، لە دێڕە شیعردا نەک هەر لە کۆتایی بەڵکو لە زۆر شوێنی تری دێڕە شیعر بەکاردێت، وە دەوری خێراکردن یان هێدی کردنەوەی ڕیتمی شیعرەکەدا هەیە))، (گەردی، ٢٠٠٠: ٦٣).

عاصی لە هەندێک شـیعرەکانیدا بزوێنەکانی دووبارەکردونەتەوە بۆ نموونە لەم پێنجینەدا دەڵێت:

**یاران چە عەجەب دەوری قەمەر وەک شەوی تارە**
**وا مەوسیمی گوڵزار و گوڵ و گەشتی مەزارە**
**وەختی هەوەسی بولبولە وا بەختی بەکارە**
**ڕۆژی تەرەب و فەسڵی گوڵ و رووبی بەهارە**
**یاران گوڵەکەم کوا کە دەمی بۆس و کەنارە**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٣٢٥)

شـاعیر لەم پێنجینەدا (١٢) جار دەنگی بزوێنی (ا) دووبارەکردۆتەوە، هەروەها (٢٩) دەنگی بزێنی(ە) دووبارەکردۆتەوە، لەگەڵ (١٠) جار دەنگی (ی)، (١٧) جار دەنگی بزوێنی (و)دووبارەکردۆتەوە، وشـەکانی (شـەوی، مەوسـیمی، گەشـتی، بەختی، رووبی)، هەروەها وشەکانی (تارە، مەزارە، بەکارە، بەهارە، کەنارە)، وشەکانی (گوڵ و تەرەب و گوڵ و بۆس)، شاعیر لەم بەندەی پێنجینەدا زۆر هونەرمەندانە مۆسیقای ناوەوەی شـیعرەکەی پێرازانـدۆتەوە و جوانی چێژێکی کاریگەری بە شـیعرەکە بەخشیوە.

**دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن (هاونەبزوێنی):**

ئەمجۆرەش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێک یان چەند دەنگێکی نەبزوێن بۆ چەند جارێک لە دێڕە شیعرێکدا، بۆ نموونە عاصی شاعیر لەم غەزەلەدا دەڵێت:

**قەمەر هـــاتۆتە سەر ئیکلیل بە ئومێد فیکر و تەدبیرم**
**لە عیلمی جەفر و هەم حەرفا خەریکی بەست و تەکسیرم**

(دیوانی عاصی ، ٢٠٠٨: ٤٩)

شـاعیر لەم شـیعرەدا (٨) جار دەنگی نەبزوێنی (ر) دووبارەکردۆتەوە، هەروەها (٤) جار دەنگی (ک)دووبارەکردۆتەوە، (٤) جار دەنگی (ل)دووبارەکردۆتەوە، (٤) جار دەنگی (ت)دووبارەکردۆتەوە، ئەوەندەی تر ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەیان بەهێزتر و جوانتر کردووە.

**دووبارەبونەوەی دەنگ**

لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەوەدا، تەنها دووبارەکردنەوەی دەنـگ ڕۆڵی نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا دووبارەکردنەوەی وشەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەم دیاردەیە، چونکە بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی سـەروا و مۆسـیقای شـیعری دووبارەکردنەوەی وشـەیە، لەمبارەیەوە (عەزیز گەردی) دەڵێت: (( ئەم دیاردەیەش دووبارەکردنەوەی وشـە بەهەمان واتای خۆی، لە سـەرەتا و کۆتایی شـیعردا دەگرێتەوە، زۆرجاریش لە ناوەڕاستدا. جا دووبارەکردنەوەکە چ لە ئاستی ستوونیدا بێت و چ لە ئاستی ئاسۆیی دابێت، بۆ جوختکردنە سەر ئیقاع و چەمک و مۆسیقای شیعرەکەیە))، (گەردی، ٢٠٠٠: ٣٠٨-٣٠٩). عـاصی لە نێـو دیوانەکەیـدا بەرێـژەیەکی بەرچـاو دیاردەی دووبارەکردنەوەی وشـەی بەکارهێناوە، ئەمەش توانا و بەهرەمەنـدی شـاعیر بەدیاردەخات، ئەم دووبارەبونەوەیە لە هەرد و ئاسـتی ئاسـۆیی و سـتوونی بەرچاو دەکەوێت و لە خوارەوە بەنموونە دەیانخەینەڕو:

**دووبارەکردنەوە لە ئاستی ئاسۆییدا**

مەبەسـتمان لە دووبارەکردنەوە لە ئاسـتی ئاسـۆییدا ئەوەیە، کە هەمان وشـە لە یەک دێڕدا بە هەمان واتا دەگرێتەوە، ئەو وشـە دووبارەبووەکان یان بە دوای یەکدا دێن، یاخود بەشێوەی جیا جیا و دور لەیەکدین، ڕێژەیەکی زۆر لە شیعری شاعیر لەمجۆرە دووبارەکردنەوەی تێدایە، ئەمەش وەسـتایی و شارەزای شاعیر دیاردەخات، بۆ نموونە عاصی لەم شیعرەدا دەڵێت:

**بەعزەکیان چەرخی زەعیان فێری دۆڵمە و هـــــەم پڵاو**
**ئێستەکەش دەست کورت و نابوت پاک هەنویان لەت لەت**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٨٥)

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**ڕەحمێ بکـــە ئەی موهبیتی جبریلی ئەمینم**
**بێ تاقەت و بێ تاعەت و بێ پشت و پەناهین**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٨٩)

لەدێری یەکەمدا وشـەکانی (لەت لەتە) بەشـێوەیەکی ئاسـۆیی بە هەمان واتای خۆی دووبارەبونەتەوە، لە دێری دووەمیشدا وشەکانی (بێ) سێجار دیسان بە هەمان واتای خۆی دووبارەبونەتەوە و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەیان دڵگیرتر کردووە.

**دووبارەکردنەوە لە ئاستی ستوونیدا**

مەبەسـتمان لە دووبارەکردنەوە لە ئاسـتی سـتوونیدا ئەوەیە، کە هەمان وشە لە یەک دێڕدا بە هەمـان واتا دووبارەناکرێتەوە، بەڵکو دووبارەکردنەوەکە بەسـەر هەموو شیعرەکەدا دابەشـدەبێت، شاعیر لەمجۆرەیدا ڕێژەیەکی زۆر شیعری هەیە کە وشە دووبارەبووەکان لە ئاستی ستوونی بەدوای یەکدا بێن، بۆ نموونە عاصی لەم شیعرەدا دەڵێت:

**ساقیم کە دی لە ڕەقسا دڵم شەتابی هێنا**
**بە یادی جامی چاوی مەیلم شەرابی هێنا**
**ئەی عاشقی خەرابات هەنگامی کەیف و بەزمە**
**سەرحەلقەیی مەینۆشان پیاڵەی شـــەرابی هێنا**

.

**گەر تالیبی مەیخانەی (عاصی) ڕەباب و بادە**
**بۆ جەرگی پارەپارەت ســـــــاقی قولابی هێنا**

(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٢٠)

لەم غەزەلە (٩) دێڕەدا دەبینین وشـەکانی (هێنا) لەشێوەی ستوونی لەسەرەوە تاوەکو خوارەوە لە کۆتایی هەمو دێڕەکاندا دووبارەبووەتەوە، بەم دووبارەکردنەوەیە ئاواز و مۆسیقایەکی خۆشی بەخشیوە بە شیعرەکە.

**٤.٢ هونەری قرتاندنی دەنگ**

((بریتییە لە سـووانی دەنگێک یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا، ئەمە مەبەسـت ئاسـانکردنی دەربڕینە، ئەمجۆرە گۆڕانەش کە بەسـەر وشـە، یان مۆرفیمەکان دێت لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە سنوری ئەرک و واتایان کەم بێتەوە))، (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٥٩). ئەم دیاردەیە لە شـیعری (عاصی)دا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بۆیە ئەم دیاردەیە بە یەکێک لە شێوازەکانی شیعری شاعیر دادەندرێت لە ئاستی دەنگدا، ئەم دیاردەیەش شـاعیر زیاتر بە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی کێشـی شـیعری بەکارهێناوە، شـیعری کۆنی کوردیی پەیڕەوی کێشـی عەروزی عەرەبی و سـەروای یەکگرتو کراوە شاعیر پابەند بووە بە بەکارهێنانی کێشێکی دیاریکراو لەسەرەتای دێڕی یەکەمەوە تاکو کۆتایی دێڕ، شاعیر بۆ ڕێکخستنی کێشەکەی پەنای بۆ ئەم دیاردەیە بردووە. بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**گرمەگرمی تۆپ و ساروخ شیوەنی مندالٚ و ژان**
**کوڕ دەڵێ ئەی دایە هاوار، داک دەڵێ هاوار لەمن**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٢١٥)

شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا، دەنگی (ی) لە وشەی (داک) قرتاندووە، کە خۆی لە بنەڕەتدا (دایک)ە، ئەم دیاردەیەی لە بەر ڕێکخستنی کێشی شیعرەکە کردویەتی تاکو کێشەکە لەنگ نەبێت، چونکە ئەگەر(دایک) بوایە ئەوکات ئەبوایە بە دوو بڕگە، کێشی شیعرەکە تێکدەچو. لەشیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**پیاوی چا بن روو لە دین کەن خوای لە خۆ ڕازی بکەن**
**دین و دونیاتان دەبێتن پایەدار و بەرز ناو**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٢٢٢)

شاعیر لەنیوەدێڕی یەکەم سێجار دیاردەی قرتاندنی ئەنجامداوە لە وشەکانی (چابن) کە لە بنەڕەتدا وشەکە (چاکبن) دەنگی (ک)قرتاوە، وشەی (کەن) لە بنەڕەتدا وشەکە (بکەن) دەنگی (ب) قرتاوە، وشەی (خۆ) لە بنەڕەتدا وشەکە (خۆتان) دەنگەکانی (ت، ا، ن) قرتاوە، ئەم قرتاندنەش زیاتر بۆ ڕێکخستنی کێشی شیعرەکەیە، کە شاعیر بەکاریهێناوە، هەندێک جاریش بەهۆی شێوەزار و بن زارەکان وا دەکەن دەربڕینەکان بەو شێوەیە بن.

### ٢.٥ هونەری ڕەگەزدۆزی

یەکێکە لە هونەرە گرنگ و چێژبەخشەکانی ڕەوانبێژی و دەچێتە خانەی جوانکاری وشەییەوە، شاعیران لە نێو شیعرەکانیان بایەخێکی تایبەتییان پێداوە، چونکە شاعیر بەهۆی بەرجەستەکردنی ئەم هونەرە دەتوانێ سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ببێتە هۆی بەخشینی چێژ، ئەم وشەیە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەمشێوەیە هاتووە، ((فازیل نیزامەدین، بە " تشابە من اللفظ دون المعنی" لێکی داوەتەوە، واتە لێکچون لە دەربڕین بەبێ ماناو واتا))، (فتاح، ٢٠١٩: ١٦). یان دەتوانین بڵێین: (( ئەوەیە کە دوو وشە یان پتر بێنی لە ڕواڵەتدا وەکو یەک وابن یا بەیەک بچن، بەڵام هەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جوداێ لە واتای وشەکانی تر))، (گەردی، ١٩٧٥: ٧). شاعیر ئەم هونەرەی بەرێژەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە وگرنگی پێداوە، زۆربەی هەرە زۆری جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی لەنێو شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئێمە چەند نموونەیەک دەخەینە ڕو:

**(عاصی) تۆ هۆشت لە خۆێ تەخت و بەخت بێ فایدەیە**
**بۆچی غەم خواردن لە دونیا ئاخە ئاخ و چاوی تەڕ**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٧٢)

لەم دێڕەدا دەبینین ڕەگەزدۆزی جودا هەیە لەنێوان وشەکانی (تەخت ، بەخت)، ئەویش لە پیتی یەکەمە وشەی یەکەم پیتی (ت)، ی دووەمیش پیتی (ب)، بەمەش هونەری ڕەگەزدۆزی دروستبووە، لەنێوان وشەکانی (ئاخە و ئاخ) ڕەگەدۆزی هەیە.

**حەزرەتی فەخری ریسالەت بۆ ئەتۆ عاجز دەبێ**
**تۆش حەیاکە کاکی (عاصی) بەسیە گریە و لوورە لوور**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٧٧)

لەنیوەدێڕی کۆتایی دەبینین ڕەگەزدۆزی زیاد هەیە لەنێوان وشەکانی (لوورە، لوور)، وشەی یەکەم یەک پیتی کۆتایی (ە) لە وشەی دووەم زیاترە، ونەری ڕەگەزدۆزی بەرهەم هاتووە.

### ٢.٦ هونەری دژیەک

یەکێکە لەم هونەرە باوانەی جوانکاریی واتایی و لە نێو زۆربەی دیوانی شاعیراندا بوونی هەیە و گرنگی تایبەتیان پێداوە، توانیویانە هەرچی جوانی و ناشیرینی لەنێو سروشت و دڵ و دەروندا هەیە لەڕێگەی ئەم هونەرەوە بابەت و مەبەستە شیعرییەکانی خۆیان پێ دەوڵەمەند بکەن و بیخەنەڕوو، بۆ ناساندنی ئەم هونەرەی جوانکاریی واتاییە بەمجۆرە باسی لێوە کراوە: ((بریتییە لە کۆکردنەوەی دو وشە، کە ئەو وشانە لە ڕوی واتاوە دژو پێچەوانەی یەک بن بۆ نموونە: ڕەش و سپی، پاک و پیس، جوان و ناشیرین))، (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٨٥). ئەم وشە دژیەکانە دەبنە هۆی ئەوەی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە پێکبهێنن و ڕیتمێکی خۆش و تایبەت بە دێڕەکە ببەخشن، عاصی ڕێژەیەکی بەرچاوی وشەی دژیەکی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، ئەمەش توانا و لێهاتویی و دەسەڵاتی شاعیر پیشان دەدات لەمبوارە. بۆ نموونە شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:

**سەرەو ژێر بوو گوڵی بەختم بەقاناکەم بکا تەئسیر**
**لە سووێ تاڵعم سەهلە برووخێ گەر هەمو ئاسمان**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ٢٠٠)

لە نیوە دێری یەکەمدا وشەکانی (سەرەو ژێر) بەیەکەوە دژیەکیان دروستکردووە و ئاوازێکی خۆش و دڵگیریان بە شیعرەکە بەخشیوە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**وەختی چێشتەنگاو هەمیشە دێنە خوارێ بیلعوموم**
**سەر لە ئەرزو دەست بە لەرزو قون تلوور پیر و جەوان**
(دیوانی شاعیر، ٢٠٠٨: ٢٠٢)

لەم دێڕیشدا دەبینین لە کۆتایی نیوەدێری دووەم وشەکانی (پیر و جەوان) بەیەکەوە دژیەکیان دروستکردووە، ئاوازێکی خۆشیان بە شیعرەکە بەخشیوە.

**هونەری دوا بۆ سەر(هێنانەوە) (رد العجز عن الصدر):**

((بریتییە لە بونی دوو وشەی هاوشێوە، یان هاو ڕەگەز، یەکێان لە کۆتایی دێڕەکە دێت، ئەوی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی، یان سەرەتای نیوەدێری دووەم، یان ناوەڕاستەکەی))، (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٣٤). عاصی شاعیر توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەم هونەرە بەکاربهێنێت، بۆ نموونە شاعیر لە شیعرەدا دەڵێت:

**رادەبوێرم من لەگەڵیان گەر دڵم ساکن بێ**
**جەرگی سووتاندم بە جارێ خۆ برینی جەرگەکەم**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٨٥)

لە نیوەدێڕی دووەمدا دەبینین وشەکانی دوا بۆسەریان پێکهێناوە بریتین لە (جەرگ) دوجار هاتووە، جارێک لە کۆتایی دێڕ، جارێکیش لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەم، جوانییەکی بەخشیوە بە شیعرەکەوە.
لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**مەست و سەرخۆش و خەجاڵەت بێ دڵ و دێوانە خۆم**
**دڵ لە دەست دەرچووی خەیاڵی بادەیی مەستانە خۆم**
(دیوانی عاصی، ٢٠٠٨: ١٩٣)

لەم دێرەشدا دەبینین وشەی (خۆم) دوجار هاتووە، جارێک کەوتۆتە کۆتایی دێڕ و وشەی تریشیان کەوتۆتە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم، بەمەش دیاردەی هێنانەوە یان دوا بۆسەر دروستبووە.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp60-70

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- دەنگ، لایەنێکی دیار و ئاشـــکرای شـــیعرەکانی عاصی پێکدەهێنێت، بە جۆرێک ڕەنگیداوەتەوە، بووەتە هۆی ئەوەی ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شـیعرەکە پێکبهێنێت .

٢- عاصی کێشـە عەرووزییەکانی بەڕێژەی جیاواز بەکارهێناوە، زۆرترین شـیعری بە کێشـی – هەزەج هۆنیوەتەوە، ڕێژەیەکی بەرچاوی شـیعرەکانی پێکهێناوە و پلەی یەکەمی گرتووە، دوای ئەو کێشی ڕەمەل دێت.

٣- قاڵبی کێشـی هەزەج، مۆسـیقیتر و ئاواز و ڕیتمێکی خۆش و سـەرنجڕاکێش بە شیعر دەبەخشێت لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیدا، چونکە کێشێکی سوکە، لەگەڵ یاسـا و ڕێسا دەنگییەکانی زمانی کوردی زیاتر دەگونجێت و بایەخێکی زۆری لەلایەن شاعیرەوە پێداوە.

٤- دووبارەکردنەوە لە ئاسـتی ئاسـۆیی و سـتوونیدا توانیویەتی زۆر بە لێهاتویی و وەستایانە لەنێو شیعرەکانیدا بەکاربهێنێت.

٥- بە کۆکردنەوەی ئەم خاڵانە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە عاصی خاوەنی شێوازێکی دەنگیی تایبەتە کە ناسـنامەکەی بریتییە لە: زاڵبوونی کێشـی هەزەج، بەکارهێنانی بەرفراوانی دووبارەکردنەوەی سـتوونی، و پەنابردنی زیرەکانە بۆ دیاردەی 'قرتاندنی دەنگ' بە مەبەستی پاراستنی کێش، کە ئەم سیانەیە پێکەوە مۆرکی تایبەتی شاعیر لە ئاستی دەنگدا پێکدەهێنن.

## سەرچاوەکان

ئاشـنا، ئومێد (٢٠٠٢)، گۆران نووسـین و پەخشـان و وەرگێردراوەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ئەحمەد، صـافیە محەمەد (٢٠١٤)، شـێوازی شـیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

بیمار، عبدالرزاق (١٩٩٢)، کێش و مۆسـیقای هەڵبەسـتی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریە، بەغداد.

(بێدار)، جمال حبیب الله (٢٠١٣)، دەروازی شـیعر ناسـین، دەزگای نارین، چاپی یەکەم، هەولێر.

حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عیراق (١٩٥٠-١٩٧٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

خەزنەدار، معروف (١٩٦٢)، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفاء، بەغداد.

خەزنەدار، مارف (١٩٨٤)، لە بابەت مێژوی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسـسـە العراقیە للدعایە و الطباعە، چاپی ١، بەغدا.

کاکی، حەمە نوری عومەر(٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی.

گەردی، عەزیز(١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری)، چاپخانەی شـارەوانی، بەرگی دووەم، هەولێر.

گەردی، عەزیز(٢٠٠٠)، کێشـی شـیعری کلاسـیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشی فارسیدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

گەردی، عەزیز(٢٠٠٠)، سەروا (توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە لە شیعری کوردیدا)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

گەردی، عەزیز(٢٠٠٨)، دیوانی عاصی، بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر.

عەبدوڵلا، د.ئیدریس (٢٠١٠-٢٠١١)، شـێواز و شـێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

عەبدوڵلا، د.ئیدریس (٢٠١٢)، جوانکاریی شـیعری نوێی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.

عەبدوڵلا، د.ئیدریس (٢٠١٢)، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.

عەلی، د. دڵشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، چاپخانەی میر، سلێمانی.

حیلمی، ڕەفیق (١٩٨٨)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر.

سجادی، علاءالدین (١٩٧٠)، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

مەحمود، فازیل مەجید (٢٠٠٨)، سروشت لە شیعری گوراندا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

مەحمود، فازیل مەجید (٢٠٠٧)، سروشـت لە شـیعری گۆراندا، دەزگای چاپ و پەخشـی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

م. نوری (١٩٢٦)، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٧.

گیو موکریانی (٢٠٠٠)، فەرهەنگی کوردستان، (کوردی - کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

هەژار (١٣٢٩)، هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی (کوردی)، تەهران.

مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠١٨)، پراگماتیک و شێوازگەری، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

Fattah, R. U. (2019). Lexical Beautification Badi' in Sami Audal's Poem: A Descriptive and Analytical Study. KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES, 2(1), 13–19. https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n1y2019.pp13-19

## الأسلوب الشعري لدى "عاصي" على المستوى الصوتي

### الملخص:

يقدم هذا البحث تحليلاً أسلوبياً للخصائص الصوتية في شعر الشاعر الكردي (عاصي). ومن خلال تحليل النماذج الشعرية، يسلط البحث الضوء على كيفية استفادة الشاعر من الوزن الشعري والقافية والفنون البلاغية لرسم وتكوين تجربة شعرية فريدة. يحاول البحث الإجابة على السؤال الأساسي حول مدى تمكن (عاصي) من خلال هذه التقنيات الصوتية، من ابتكار أسلوب شعري خاص به، يؤسس لهويته الشعرية ويميزه عن غيره من شعراء عصره. وتُظهر النتائج الرئيسية للبحث أن الشاعر عاصي يمتلك سمة صوتية خاصة وواضحة، تتجلى في مثلث متين: أولاً، الهيمنة المطلقة لوزن الهزج، الذي يمنح قصائده موسيقى وإيقاعاً حيوياً وجذاباً؛ ثانياً، الاستخدام الواسع لتقنية التكرار على المستوى العمودي، لتكثيف المعنى وتعميق التأثير النفسي؛ ثالثاً، اللجوء الذكي لظاهرة الحذف الصوتي بهدف الحفاظ على دقة وجمال الوزن الشعري. هذه الخصائص الثلاث مجتمعةً، شكّلت أسلوباً صوتياً شديد الخصوصية لشعر عاصي وأصبحت علامته الفارقة. يتكون البحث من قسمين، حيث تم تقسيم القسم الأول إلى عدة محاور، تناولنا فيها مفهوم ومعنى الأسلوب، والمستوى الصوتي، والصوت في الموسيقى الخارجية لشعر

الشاعر. وفي المحاور الأخرى، تناولنا الصوت في الموسيقى الداخلية لشعر الشاعر والأشكال الشعرية المرتبطة بذلك المستوى. وفي الختام، تم عرض النتائج وقائمة المصادر والملخص باللغتين العربية والإنجليزية.

**الكلمات المفتاحية:** الاسلوب، الايقاع، القافية، التكرار، الشكل الشعرى.

## The Poetic Style of 'Asi' at the Phonetic Level

ABSTRACT

This research provides a stylistic analysis of the phonetic characteristics of the poetry of the Kurdish poet (Asi). Through the analysis of poetic samples, it sheds light on how the poet utilizes poetic meter, rhyme, and rhetorical arts to craft and form a unique poetic experience. The research attempts to answer the fundamental question of to what extent Asi, through these phonetic techniques, has been able to create a distinct poetic style of his own, one that establishes his poetic identity and distinguishes him from other contemporary poets. The main findings of the research reveal that the poet Asi possesses a special and clear phonetic stamp, which is manifested in a solid triangle: First, the absolute dominance of the Hazaj meter, which lends a lively and attractive musicality and rhythm to his poems; Second, the extensive use of the repetition technique at the vertical level, to condense meaning and deepen the psychological impact; Third, the clever resort to the phenomenon of elision (sound clipping) for the purpose of preserving the precision and beauty of the poetic meter. Together, these three features have created a very special phonetic style for Asi's poetry and have become his hallmark. The research consists of two parts. The first part is divided into several sections, where we have discussed the concept and meaning of style,. In other sections, we have discussed sound in the internal music of the poet's poetry and the poetic forms related to that level.

KEYWORDS: Style, Rhythm, Rhyme, Repetition, The Poetic Form.